بە فەرمی راکان جبوری لە هەڵبژاردن دوورخرایەوە



ئەمڕۆ یەکشەممە، کەمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بڕیاری بەفەرمی راکان جبوری، پارێزگاری پێشوی کەرکوك و کاندیدی هاوپەیمانی عەرەبی ،لە هەڵبژاردنی داهاتوو دورخستەوە، بەهۆی بونی "پێشینەی تاوانەوە".

بەگوێرەی نوسراوێکی فەرمی دەستەی کەمیسیارانی کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق کە ئەمڕۆ یەکشەممە دەرچوە و تێدا، دەستکەبە فەرمی بڕیاریدا بە دورخستنەوەی راکان جبوری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق.

ئاماژەی بەوەشکردوە، دەستەی کەمیساران بڕیاریدا بە پەسەندکردنی ڕاسپاردەکانی کەنوسی لیژنەی

شایستەیی کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ساڵی 2025، کە بڕیتیبوو لە دەرکردنی کاندید "هاکان سەعید عەلی" لە لیستەکانی کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی 2025.

بەگوێرەی بڕیارەکە، دروخستنەوەی هاکان جبوری بڕەی پێشێلکردنی مادەی 7/سێیەمی یاسای هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگا و ناحیە ژمارە 12ی ساڵی 2018، بۆ هەموارکراوی. ئیدارەی هەڵبژاردنەکان بۆ گرتنەبەری کارێکی پێویست هاسپێردراون.

